ئەمیلی*
کۆشمیەکی پەروەردەییە

# پەیڤێك بۆ ڕێبین هەردی
# پەیامێك بۆ دایبابەکان



فایەق سەعید دەینوسێت
سوید
faiekk@hotmail.com

● کاك ڕێبین هەردی لەژمارەی پێشوی ئەم گۆڤارەدا وتارێکی لەسەر منالەکانی خۆی نووسیوە.لەو وتارەدا لەبری ئەوەی خۆی بەشێك بێت لەچارەسەرەکان، چارەنووسی منالەکانی لەفۆرمی بانگەوازێکدا ئاراستەی کۆنفرانسی پەروەردەیی دەکات. ڕێبین یەکێکە لەروناکبیرو رەخنەگرە زرنگەکانی ئێمەو پێم وایە دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی ببینێت.

من پێم سەیرە بۆ لەئاستی ئەم گرفتەدا وا پاسیڤ راوەستاویت. ئاخر ئەرکی باوکایەتی ئەوە نیە منالەکەت هەڵبلەرزێت، چەندین ڕۆژ بەگریانەوە بێتەوە، فێری درۆ ببێت و سکاڵا لەلای تۆ بکات چونکە تەنها تۆ شك دەبات و تۆش هێشتا لەوە ساغ نەبوویتەوە ئایا لەسەر منالەکەت بکەیتەوە یا پشتگیری مامۆستاکەی بکەی؟ من لەهیچ قوتابخانەیەك و لەلای هیچ پەروەردەناسێکی هاوچەرخ جێگایەك بۆ ئەو دوودڵیەی تۆ نابینمەوە. منیش هاورای تووم کەمامۆستا خۆشی قوربانیە، بەڵام تەماشاکردنی پرۆسەی پەروەردە بەو شێوەیە کارێکی تەندروست نیە. بەرای من تۆ دەبوو زۆر بەراشکاوی پشتیوانی لەمنالەکەی خۆت و لەراستی بکردایە و پێت رابگەیاندایە کەمامۆستاکەی هەڵەی کردووە کەپێی وتووە بێشەرەف، کەهەراسانی کردووە، کەفێری درۆی کردووە ...هتد. منالەکەتان تۆو هاوسەرەکەت بەکەسێکی زۆر نموونەیی دەزانێت، ئەگەر ئێوە هەموو جارێك پێی بلێن مامۆستاکەی راست دەکات و ئەو درۆ دەکات، ئەدی چۆن بڕواتان پێبکات کەئێوە کەسی نموونەیین و خۆشتان دەوێت. دواتر ئەو بۆی دەردەکەوێت کەئێوە تەنها فێری درۆتان کردووەو راستیەکانتان لێ شاردۆتەوە. بۆ خۆت دەزانیت پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی سۆسیۆ– کولتوریەو بۆ ئەوەی منال گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی تەندروست بکات دەبێت رەهەندەکانی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتورییەی ئەو لەسەر بنەمایەکی تەندروست بەرێوە بچێت. لەم حاڵەتەدا ئێوە بەشدارن لەشێواندنی ئەو ژینگەیەدا کەدواتر دەبێتە هۆی تێکدانی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی ئەو کەدواجار دەبێتە بنەمایەکی لەرزۆك بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ئەو منالە. ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت لەوانەیە منالکەت توشی پۆست تراوما بێت و لەداهاتوودا (وەکو ئێمە) بەو پێوەرو نۆرمە ناتەندروستانە تەماشای دیاردەکان بکات. هاوکات لەگەڵ دەسنیشانکردنی هەڵەی قوتابخانە تۆ دەتوانی هەڵەی منالەکەشت دەسنیشان بکەیت. ئەگەر ئەمە نەکەیت وەکو باوکێك ناتوانیت منالەکەت فێری راستگۆیی و خوێندنەوەی رەخنەگرانەی واقیع بکەیت. دوارۆژ گەر منالەکەت بووە ئەندامێکی کەرولاڵی پەرلەمان نابێت گلەیی لەکەس بکەیت.

هەنگاوێکی دیکە کەدەبوو تۆ وەکو باوکێکی کارامە بیکەیت ئەوەبوو کەسکاڵا بکەیت. هەموومان رقمان لەسکاڵا دەبێتەوە نەوەکو بەپێی کولتوری بەعس بەجاسوس ناوەزەد بکرێین. بەڵام تۆ مەرج نیە سکاڵا لەلای پیاوە بەرزەکان بکەیت. من پێم وایە زۆرجار سکاڵا لەلای خودی مامۆستاکان زۆر باشترە وەك لەوەی سکاڵا لەلای وەزیر بکەیت. من زۆر لەروناکبیرەکان نیگەرانم لەبەری ئەوەی بەبێدەنگی خۆیان بەشێك لەهەڵەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەوان هەموو ئەرکەکانیان خستۆتە سەر شانی قوتابخانەو خۆشیان زۆر پاسیڤ دانیشتوون. من پێم وایە هەموو روناکبیرەکان تەنها وەکو بەتەنگەوەهاتێکی منالەکانی خۆشیان بوایە دەبوو سکاڵا بکەن، بچوونایە قوتابخانەکان و لەکاتی پێویستدا بچوونایە شوێنی دیکەش. ئەم کارە بەو مانایە نیە دایبابەکان دژی قوتابخانەکان کار دەکەن، بەڵکو بەو مانایەیە ئەوان دەیانەوێ هاوکاری یەکتر بکەن چونکە منالەکانیان لەوێ دەژین. دایبابێکی باش مانای ئەوەیە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ قوتابخانەدا هەیە. چوونە قوتابخانە مانای بەهێزکردنی پێگەی منالەکەی خۆتە. لەم بوارەدا من بروام بەتواناکانی تۆ هەیە، تۆ بۆ خۆت ناتەوێت ئەو توانایەت لەپێناوی منالەکەتدا بخەیتە کار؟ ئەگەر تۆ پشتیوانی لەمنالەکەی خۆت نەکەیت ئەدی کێ بەتەنگیەوە بێت.

ئەگەر تۆ بەتەنگی منالەکەتەوە نەیەیت ئەدی چۆن ئەو بلێت باوکم خۆشی دەوێم. خۆشەویستی تۆ بۆ ئەوان نابێ خۆشەویستیەکی بایەلۆژی بێت. هەرگیز لەوە مەترسە منالەکەت نەتوانێت سنوری نێوان راستگۆیی و هەڵەی مامۆستاکەی دەسنیشان بکات.

من بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە گرفتەکان لەمەنهەجەکاندا نابینمەوە بەئەندازەی ئەوەی لەزانستی نوێ و شێوازەکانی وانەووتنەوەکان دەبینمەوە. دڵنیابە مامۆستاکان دەقاودەق ئەوە پیادە دەکەن کەلەزانکۆو خانەی مامۆستایاندا خوێندویانەو فێرکراوون. بەهەر لایەکدا دەرۆیت بەدەگمەن یەکێك دەبینیت کەشتی تازەی پێبێت و هەموو یەکێك خۆی لەتۆ بەزاناترو داناتر دەزانێت.

من لەگەڵتا هاورا نیم کەهۆکاری هەرە گەورە لێرەدا بریتیە لەو نادادپەروەرییە کەوای کردووە مامۆستاکان ئەو نادادپەروەرییە بکەنە رق و تورەیی و بەسەر منالەکاندا بیبارێنن. رەخنەو سەرنجە سیاسیەکانت تێکەڵ بەبواری پەروەردە مەکە.. گرفتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بەشی هەرە زۆری مامۆستاو بەرپرسە باڵاکانی بواری پەروەردەیی هیچ زانستێکی تازەیان پێ نیەو تەنها یەك ئەلتەرناتیڤی کارکردن شك دەبەن. بەشێك لەمانە رۆژانە کەلەمیدیاکانەوە قسە دەکەن خۆیان بەژان پیاژێ ناگۆڕنەوە. بەڵام کێ دەتوانێت ئەو بەرپرسە بێتوانایانە بگۆڕێت؟؟

ئەمیلی* ناوی دیارترین کتێبی بواری پەروەردەیە کە (رۆسۆ) نوسیوییەتی .